# لەودیو عێراقەوە: ئازادی

## د.ڕەفیق سابیر

سەرنج:
ئەمە بەشێکە لە کتێبێکی نوێی نووسەر کە بۆ چاپ ئامادەکراوە

# کولتووری داگیرکردن و قەیرانی ناسنامە

### وتەیەک

لە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعس، عێراق لە ڕێگای گۆڕە بەکۆمەڵەکانییەوە، تەنیا هەقیقەتی دەوڵەتێکی دڕندەی بۆ دنیا ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ناوەرۆک و ناسنامەی دەوڵەتی عێراق و کولتووره سیاسی و ئاستی شارستانییەکەی بە ڕوونترین شێوە خستە ڕوو. سەرهەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکرێت، لە هەمان کاتدا، سەرهەڵدانەوەی کولتووری داگیرکرن و قەیرانەکانی ناسنامە بێت.
سەرهەڵدانەوەی مێژووی ئیستیبدایی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی عێراق و ئەو کۆمەڵە هەمەجییە بێت کە دەتوانن دیاردەی وەک بەعس و دەوڵەتەکەی بهێننە بەرهەم و قبووڵی بکەن. سەرهەڵدانەوەی ئەو فیکر و ئایدیۆلۆژیا قەومییە ڕەگەزپەرستی و مەزهەبییە و ئەو ویژدان و ئەخلاقە بێت کە تا ئێستایش داکۆکی لە بەعس و حاشا لە کۆمەڵکوژییەکەی دەکەن و لە ئاستی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی خەلکی کورد و شیعەدا بێدەنگن.
قەیرانی عێراق، پێش هەر شتێک، قەیرانی کولتووری داگیرکردن و ئەو ناسنامەیە کە لە کولتوورەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە؛ قەیرانی دەوڵەتێکە کە بە زەبری ستەم و ماشێنی دەوڵەت و هێزی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عەرەبیزم) و بە هۆی سڕینەوەی ناسنامەی کورد و خاکەکەیەوە، ناسنامەی عەرەبیی بەسەر عێراقدا سەپاندووە. لەمەیش زیاتر خۆی و "وڵاتەکەی" بە پێشەنگی عەرەب و هەڵگری پەیامە "خالید"ەکەی و پارێزەری دەروازەی ڕۆژهەڵاتیی گوایا وڵاتی عەرەبی ناساندووە. بە پێی ئەم قەناعەتەیش کاری لەسەر واقیع و کۆمەڵ کردووە تا ڕەنگی ناسنامە و ئایدیۆلۆژیاکەی خۆیان پێ بدات، یان بە جۆێک بچوکیان بکاتەوە کە هێندەی ئایدیۆلۆژیایەکی توندڕەوی ڕەگەزپەرستانەیان لێ بکرێت. بەڵام لەودیو خوڕافەی ئایدیۆلۆژیای عەرەبیزمەوە هەقیقەتێکی دی هەبووە، لەو دیو خەیاڵی داتاشینی ناسنامەیەکی ساختەوە واقیعێکی دی هەبووە: عێراق بەلای زۆرەوە لەسەدا سیوپێنجی عەرەب نییە. ئەوەی عەرەبیشە لەسەدا هەشتای شیعەیە. ناسیۆنالیزمی عەرەبی

(عەرەبیزم) نەک هەر لە عێراقدا بەڵکو لە تەواوی وڵاتانی گوایا عەرەبیدا، ناوەرۆکێکی سوننەمەزهەبیی دژ بە شیعەی هەیە و، گومان لە عەرەبایەتیی خەڵکی شیعە دەکات. بۆیە شیعەکان بەشێک نین لە پڕۆژەی ناسیۆنالیستی و ئیسلامیی سیاسی، کە سوننەمەزهەبە. بە لای ئەوانەوە شیعەکان، دەتوانن وەک کورد، ناسنامەی عێراق و پەیامەکەی بخەنە ژێر پرسیارە و وەک خورافەیەکی ئایدیۆلۆژی بیهێڵنەوە. بۆیە عێراق ڕەنگە تاکە دەوڵەتێکی دنیا بووبێت کە لە جیاتی ئەوەی هێزی ئەساسیی خۆی لە تەبایی نەتەوەیی نێوخۆ و لە هاریکاری و هەستی هاوچارەنووسیی هاووڵاتییانی خۆیەوە وەربگرێت، کەچی هێز و کۆمەکی لە هاوڕەگەزەکانی، کە هاووڵاتی دەوڵەتانی دیکەی عەرەبین، وەردەگرت. لە کاتێکدا زیاتر لە چوار ملیۆن "عێراقی" لەبەر ستەمی دەوڵەتی عێراق لە ئاوارەییدا دەژیان، لە کاتێکدا بە سەدان هەرزار لە زیندان و گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ون دەکران، کەچی بە ملیۆنان عەرەب لە وڵاتانی عەرەب و ئەوروپادا، هەر لە کاتی شەڕی عێراق و ئێرانەوە تا روخانی بەعس، بۆ کۆمەکی دەوڵەتی بەعس و قارەمانە نەتەوەییەکەیان، سەدام، وەک مێگەل دەرژانە سەر شەقامەکان. هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان لە تاوان و کوشتارەکانی بێدەنگ بوون. تا ئێستایش، جگە لە کوێت، هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی، هیچ حیزبێکی عەرەبی چەپ یان ئیسلامی و ڕاست، هیچ کام لە دەیان رێکخراوە هەرێمییەکانی عەرەبی (جگە لە قسەیەکی شەرمنانەی رێکخراوی مافی مرۆڤی عەرەبی) دەوڵەتی بەعس و تاوانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان مەحکوم نەکردووە. شایەنی باسە کە زیاتر لە نیوەی قوربانییەکانی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانە عەرەبن، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعەن، دەوڵەتانی عەرەبی-ئیسلامی و هێز و ڕێکخراوە عەرەبییەکان بە زۆری دەزانن ئەم کوشتارە مەحکوم بکەن. ئەم برا عەرەبە مسوڵمانانەیان، کە سەدان هەزاریان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا و بێ شوشتن و کفنکردن، نێژراون تەنانەت هێندەی چەند مسوڵمانێکی چیچنی یان بۆسنیایی شایەنی ئەوە نین لەسەریان بەدەنگ بێن. بۆیە ئێمەی کورد نابێت لە کەسان و لایەنێک چاوەڕێی هاریکاری بین، کە ڕەگەزپەرستی و فاناتیزمی مەزهەبی پرینسیپەکانی مرۆڤدۆستی و ویژدان و عەدالەتی لەلا کوشتوون.

ئایا ئەوەی سەدام و بەعس لە عێراقدا، بە ناوی وەحدەی عەرەب و پاراستنی دەروازەی رۆژهەڵاتی وڵاتی عەرەبییەوە دەیان کرد، لەجیاتی هەمووان بوو؟

ئەگەر قەیرانی عێراق لە قەیرانی ناسنامەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەوا دەبێت، پێش ئەوەی قسە لە عێراقیبوونی کورد و وڵاتەکەی و بەدیموکراتیکردنی عێراق بکرێت، قەیرانی ناسنامەی عێراق چارەسەر بکرێت: یان بە جیابوونەوەی گەلی باشووری کوردستان، یاخود گۆڕینی ناسنامە و ناوەرۆکی عەرەبیی عێراق بۆ ناسنامەیەکی عێراقی-کوردستانی. واتا گۆڕینی پەیوەندی نێوان عێراق و باشووری کوردستان، لە داگیرکردنەوە بۆ پەیوەنییەکی ئارەزوومەندانە.

1

ئێستا مەسەلەی عێراقیبوونی کورد و بەعێراقیکردنەوەی پرسی کورد، بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش لە زمانی هەندێک سیاسەتمەدارانی کورد و لە مێدیای کوردیدا، باس دەکرێن. لە هەمان کاتدا چارەنووسی سیاسیی کورد، لەناو چوارچێوەی عێراقدا بە گریمانەی بەدیموکراتیکردنی عێراقەوە، وەک تاکە دەرەتانێک، بەند دەکرێت بێ ئەوەی لەپاڵ ئەم باسکردنەدا قسەیەکی جیدی لە بارەی قەیرانی ناسنامەی عێراق و ناوەرۆکی دەوڵەتی داهاتووی عێراق بکرێت.
هەندێک جار تەنانەت بەجۆرێکی هێندە سەیر پێ لەسەر عێراقیبوونی کورد دادەگیرێت وەک ئەوەی کورد گەلێک بێت، لە دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی بەعسەوە، لە مەریخەوە یان لە دارستانێکی تازە دۆزراوەڕا هاتبێت و بیەوێت بیسەلمێنێت کە ئەویش عێراقییە و بەشێکە لە عێراق و گەلی عێراق، کەچی تا ئێستا دەوڵەتەکەی سەدام لەم شانازییە بێ بەشی کردووە!
تراژێدیای کوردی باشووری کوردستان لەوەدا نییە کە بە عێراقی دانەندراوە تا بە هۆی ئەم ئیسرارەوە عێراقیبوونی خۆی جاڕ بدات و لەم ڕێگایەوە لە بەهەشتی عێراقدا جێگای بکرێتەوە. تراژێدیای کورد، پێش هەر شتێک، لەوەدایە کە هەشتا ساڵە "عێراقییە" یان دروستتر بڵێم بە عێراقی کراوە، بێ ئەوەی توانیبێتی هیچ مەرجێکی بۆ بەعێراقیکردنەکەی هەبێت. چونکو بەبێ خواستی خۆی و بە زەبری داگیرکردن و کۆلۆنیالیزم و تیرۆر و ئەنفال و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عەرەبیزم) خۆی و خاکەکەی کراون بە عێراقی و لەم ڕێگایەشەوە کراون بە بەشێک لە دنیای عەرەبی، وەک دواتر باسی دەکەم.
پێدەچێت ئێمە هێشتا نەزانین چۆن باسی خۆمان و گرفت و تراژێدیاکانمان بکەین، یان ڕەنگە نەزانین ئەسڵەن باسی چی دەکەین. چونکو هێشتا لەسەر ئەوە ساخ نەبووینەتەوە کە ئێمە کێین و چیمان دەوێت! هێشتا دیسکۆرس (خیتابێک)ێکی سیاسی- نەتەوەییمان لەبارەی کێشەی هەشتا ساڵەی نێوان عێراق و باشووری کوردستان نییە.
دیارە ئەم هەموو نووسین و قسانەی لەم بارەیەوە مێدیای کوردی و سیاسەتمەدارانی کورد دەیانهێننە بەرهەم ڕەنگدانەوەی دیسکۆرس (خیتاب)ی سیاسی، یان ڕاستتر بڵێم ڕەنگدانەوە ئایدیۆلۆژیای سیاسیی بزاڤی نەتەوەیی باشووری کوردستانە، کە لە کەناڵی یەکێتی و پارتییەوە خۆی دەردەبڕێت. ئەم ئایدیۆلۆژیایە، وەک هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیکەی سیاسی، دەتوانێت چاو لە کۆمەڵێک ڕاستیی مێژوویی بپۆشێت و واقیع و دیاردەکان بە جۆرێک وێنا بکات کە لەگەڵ ڕێباز و ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسییدا بگونجێن، نەک بەو شێوەیەی کە هەن. بۆیە خەون و واقیع، وەهم و ڕاستی تێکەڵاوی یەکتری دەکرێن تا جیهانێک پێشان بدرێت کە پڕاوپڕی پرۆژەیەکی سیاسی بێت.
ئاشکرایە خیتابی عێراقیبوونی کورد و بەعێراقیکردنەوەی پرسی کورد لەسەر حیسابی کپکردنی خیتابێکی دیکەیە، واتا خیتابی سەربەخۆبوون و

کوردستانیبوون. لە کاتێکدا ڕەچاوکردنی پریسنسیپی دیموکراتی ئەوە دەخوازێت کە لە مێدیای کوردیدا بە هەمان ئەندازە دەرفەتی ئاخافتن بەوانەیش بدرێت کە باوەڕیان بە سەربەخۆبوون و جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق هەیە. چونکو بیری سەربەخۆخوازی و کوردستانیبوون، ئەگەرچی هێشتا ئۆرگانی سیاسی و دەزگا و مێدیای تایبەت بەخۆی نییە، بەڵام ڕیشەیەکی قووڵی لەناو کۆمەڵی کوردستاندا هەیە. خەڵکێکی زۆر، هەم لە ناو هەردوو هێزە سەرەکییەکەی باشووری کوردستاندا، یەکێتی و پارتی، هەم لە دەروەی ئەواندا، باوەڕیان پێیەتی.

ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین لایەنی خیتابی بە عێراقیکردنەوەی کورد و پرسی کورد ئەوە بێت کە بە هەمان ناوەڕۆک و عەقڵییەتی پێش ڕوخاندن و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراق و دەزگاکانی باس لە عێراقیبوونی کورد و پرسی کورد "لە عێراقدا" دەکات. ئەو دۆخە سیاسییە نوێیە بە تەواوی لەبەرچاو ناگرێت کە بە هۆی شەڕی هاوپەیمانان و ئەنجامەکانییەوە لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە. تا ئێستا عێراق، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دەسەڵاتێکی ناوەندی، بە سەنتەر و کوردستان بە بەش و پاشکۆ دادەنێت. بەم مانایە پرسی کورد و تەنانەت داهاتووری کوردیش وەک بەشێک لە پرسی عێراق و داهاتووی "گەلی عێراق" وێنا دەکات. لەم واقیعە کۆنەوە، کە بەرهەمی داگیرکردن و واقیعی پێش روخاندنی دەوڵەتی بەعسە، بۆ پرسی کورد و پەیوەندیی نێوان عێراق و کوردستان دەڕوانێت. ناونانی ئەم دیسکۆرسە سیاسییە، یان ئەم بیر و ئایدیۆلۆژیا- سیاسییە بە (عێراقچی) نابێت وەک تومەت و ناتۆرە وەربگیرێت، چونکو ئەم جۆرە بیر و ئایدیۆلۆژیایە ناتوانێت، لە دەرەوەی عێراق، هیچ جۆرە ئاسۆیەک بۆ کورد ببینێت، بۆیە لە کاتێکدا ناتوانێت تەسەوری سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەی لە عێراق بکات، ناشتوانێت لەبەر ڕۆشنایی دۆخی سیاسیی نوێدا، سەرەتایەکی گرنگ و جیدی بۆ شێوەی پەیوەندیی یەکسانانەی نێوان کوردستان و عێراق، بۆ چارەسەری پرسی کورد پێشنیار بکات. ئەم بیر و ئایدیۆلۆژیایە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دەزگاکانی، واتا دوای نەمانی هۆکاری دەرکەوتنی، هێشتا درێژە بەخۆی دەدات. دەکرێت ئەمە نمونەیەکی پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان بیر و واقیع پێشان بدات.
هەر بیرێک چەند بەرهەمی واقیع بێت مەرج نییە لەگەڵ نەمانی واقیعەکە ئەویش کۆتایی بێت. لێرەوە قسەکردن لەسەر عێراقچێتی دەبێتە مەسەلەیەکی گرنگ. قسەکردنەکەیش تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە ئایا گەلی باشووری کوردستان، لە کاتی ئێستادا و تا سەردەمێکی دی، لە گەڵ هەرێمی عەرەبیی عێراقدا بمێنێتەوە، یان نا. ئەگەر مەسەلەکە لەم سنووورەدا بووایە دەکرا باس و لێدوان لە بارەی سوود و زیانەکانی هەر کام لەم دەرەتانانە بکرایە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە بیری عێراقچێتی، لە کاتێکدا بە ئیسرارەوە گەلی کورد دەکاتە بەشێک لە گوایا

گەلی عێراق و خاکەکەی دەکاتە بەشێک لە خاکی عێراق، کەچی ڕوونی ناکاتەوە کە چۆن و بە کام شێوە و بە چ مەرجێکی نەتەوەیی، کورد و خاکەکەی دەتوانن عێراقی بن!

پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لەناو قەوارەی دەوڵەتێکدا دەبێت لەم هەقیقەتەوە دەست پێ بکات کە عێراقی جاران مردووە و دەبێت بنێژرێت. عێراق چی دی دەوڵەت و قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە کە بتوانێت درێژە بە داگیرکردنی کوردستان بدات، بەڵکو وڵاتێکە لە ئەنجامی شەڕفرۆشیی دەوڵەتەکەی و دۆڕانی لە شەڕدا، هێزێکی گەورەی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەستیان بەسەردا گرتووە، ئەوان ڕەوشە سیاسی و چارەنووسەکەی بڕیار دەدەن. کەواتا ئێستا قسە لە قەوارەیەکی سیاسییە کە دەبێت سەرلەنوێ، بە ناوەرۆکێکی نوێ و لەسەر ئەساسێکی نوێ دابمەزرێندێتەوە. بەم مانایە هەموو شتێکی عێراقی جاران، هەر لەناو و ناسنامەکەیەوە بۆ ناوەرۆک و ئاڵا و دەزگا و دامەزراوەکانی هەموویان قابیلی دەستلێدان و گۆڕینن، پێویستیشە بگۆڕدرێن. بەشداربوونی کورد لە دروستکردنەوە و دامەزراندنەوەی ئەم قەوارەیەدا، دەبێت بە ئامانجی ئەم گۆڕانکارییانە بێت. بۆیە پێداگرتن لەسەر عێراقیبوونی کورد، پێش دیاریکردنی ناوەرۆکی دەوڵەتی عێراق هەڵەیە، چونکو مەودایەکی موتڵەق بە عێراقیبوونی کورد دەدات، وەک ئەوەی کورد لە عێراقدا میوان و پەنابەر بێت، لە ناچاریدا بە هەر شێوە و نرخێک بێت، عێراق بە "وڵات"ی ئەبەدیی خۆی بزانێت و نەیەوێت بەجێی بهێڵێت. بیری عێراقچییەتی، لە زۆر ڕووەوە، دەتوانێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەم مانایە بدات.

ئاشکرایە شێوەی چارەسەری پرسی کورد و پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراقی داهاتوو و چارەنووسی گەلی باشووری کوردستانی پێوە بەستراوە. بۆیە ناکرێت هیچ هێز و لایەنێک ئەو مافە بە خۆی بدات کە لە جیاتی هەموو خەڵکی کوردستان بڕیار بدات. پێویستە ئەم مەسەلەیە، دوای لێدوان و گفتوگۆی بەربڵاو و ئازادانە، لە ڕێگای ڕاگیری (ڕێفراندۆم)ەوە چارەسەر بکرێت.

## 2

مەسەلەی عێراقیبوونی کورد بەرهەمی داگیرکردنی کوردستان و لکاندییەتی بە عێراقەوە. ئەم مەسەلەیە وەک چۆن مێژووی خۆی هەیە، بنەمای فیکری، ئایدیۆلۆژی و سایکۆلۆجیی خۆیشی هەیە.
بڵاوبوونەوەی بیری عێراقیبوون لەگەڵ لاوازبوون و تێکشکانی بیری سەربەخۆخوازی و کوردستانیدا هاوکاتە. لە دوای ڕوخاندنی حوکمڕانی شێخ مەحموود، خەونی دروستکردنی وڵات، کوردستان، کاڵ بۆوە و پرۆژەی بەعێراقیکردنی پرسی کورد بوو هەقیقەتێکی سەپێندراو. ناسیۆنالیستان و ڕووناکبیرانی ئەو کاتەی کورد بە هێوای بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوتی

نەتەوەیی و تەئسیردانان لەسەر ڕەوشی دەوڵەتی عێراق، کە ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بریتانیادا بوو، تێکەڵی ئەم پرۆژەیە بوون. دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی ئەیلوولی 1930 و شکستی حیزبی هیوا، لە سەرەتای چلەکاندا و روخاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بیری سەربەخۆیی لە بەرامبەر بیری عێراقیبووندا، ناسنامەی کوردستانیبوون لە بەرامبەر ناسنامەی عێراقیبووندا پاشەکشەیان کرد. هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی نوێ، واتا قەوارەی عێراق و چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، کرا بە ڕێبازی سیاسیی بزاڤی نەتەوەیی باشووری کوردستان. ئەم گۆڕانکارییە تەنیا گۆڕانکارییەک نەبوو لە فیکری سیاسیی کوردیدا، بەڵکو وەرچەرخانێکیش بوو لە مەسەلەی ناسنامەدا؛ تێکشکانی ناسنامەی کوردستانیبوون لە بەرامبەر ناسنامەی عێراقیبووندا.

لە ساڵی 1961 دا ڕاپەڕینی چەکداریی کورد بە دروشمی (کوردستان یان نەمان) دەستی پێ کرد. لێرەدا مەسەلەی ناسنامە، کە ناسنامەی کوردستانییە، لە بەرامبەر ناسنامەی عێراقیدا، خۆی دەردەخاتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دروشمە، هیچ بنەمایەکی فیکری و ئایدیۆلۆژیی لەپشتەوە نییە، ئەوا وەک زۆر دروشمی دیکەی سیاسی بێ ناوەرۆک مایەوە. بۆیە بە ئاسانی دروشمی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان جێگای گرتەوە.

دوای زیاتر لە چل ساڵ، دوای ئەنفال و کوژرانی نزیکەی نیوملیۆن مرۆڤی کورد و وێرانکردنی کوردستان، دوای یانزدە ساڵ خۆحوکمڕانی، بیری عێراقیبوون، بە هێزێکی تر و وەهمێکی ترەوە خۆی دەردەخاتەوە. عێراقپەروەران و ئایدیۆلۆجیستانی عێراقچێتی لە کاتێکدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەناوی عێراقەوە نەماوە، هێشتا نۆستالگیا (حەنین)ی عێراقیبوون بەرەو ئەوەیان دەبات کە ڕەنگە ئامادەبن تەنانت کوردستان و چارەنووسی کورد و دەزگا و دامەزراوە حکومەتییەکانی بخەنەوە بەردەستی گوایا دەوڵەتی ناوەندی. بە ڕای من هەر باسکردنێکی بەعێراقیبوونی کورد، بەبێ دیاریکردنی ناسنامە و ناوەرۆکی دەوڵەتی داهاتووی عێراق، بەرهەمهێنانەوەی دیسکۆرسی عێراقچێتی و داگیرکردنە. ئەم شێوە باسکردنە دەتوانێت هێزە عێراقییەکان و تەنانەت ئەمریکایش بەو ئەنجامە بگەیەنن کە کورد لە بەرامبەرعێراقیبوون و بەشداربوون لە دەسەڵاتی ناوەندیدا، مەرجێکی گرنگی نەتەوەیی نییە و ئامادەیە قوربانی بە بەشێک لە دەستکەوتەکانی ئەم ساڵانەی دواییشی بدات. هەروا ئەم شێوە باسکردنە دەتوانێت هەست و کەسایەتیی نەتەوەیی مرۆڤی کورد بریندار بکات و گیانی بڕوابەخۆبوونی خەڵکی کوردستان لاواز بکات.

هەشتا ساڵە کورد بە پێی مەرجەکانی دەوڵەتی عێراق و قانوونەکەی ، هاووڵاتی "عێراق" بووە. دەوڵەتی عێراقیش بێشەرمانە خۆی بە دوڵەتێکی عەرەبی داناوە. دەوڵەتی عێراق، وەک هەر دەوڵەتێکی داگیرکەر، بە زەبری هێز و ستەم و تیرۆر دەستی بەسەر باشووری کوردستاندا گرتووە. جۆری ڕژێمی سیاسی و حوکمڕانی و سیستمی خوێندن و زمان و کولتوور و شێوەژیانی خۆی بەسەر کورددا

سەپاندووە. تەنانەت، بە بڕیاری ئەو خاکی کورد و سنووری جوگرافیای هەرێمی کوردستان ئەو شوێنانە نەبوون کە لە ڕووی مێژووییەوە بە خاکی کورستان ناسراون، یان تا ئێستایش زۆرایەتییەکی کوردییان تێدا دەژین، بەڵکو ئەو شوێن و ناوچانە بوون کە خۆی و بەرژەوەندیی ستراتیژیای عەرەبیزم بڕیاریان داوە. کورد تەنیا ئەوەی لەسەر بووە کە، بەبێ هێچ مەرج و مافێکی نەتەوەیی، شانازی بە"عیراقیبوون"ی خۆیەوە بکات و قوربانی بۆ بدات. هیچ دەزگایەکی قانوونی و دەسەڵاتێکی نێوخۆ، یان جیهانی نەبووە کورد پەنای بۆ بەرێت و شکایەتی لەلا بکات

کۆلۆنیالیزم، یان داگیرکردن پێش هەر شتێک کوشتنی توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆ و فانتازیا و خەونبینە. کوشتنی ئیرادەی ئازاد و باوەڕبەخۆبوونە. بۆیە عێراقچییەکان ناتوانن لە دەرەوەی قالبی کۆنی عێراق (عێراقی ناوەند و کوردستانی بەش و پاشکۆ!) بیر لە شێوە پەیوەندییەکی نوێ و یەکسانانە لە نێوان کورد و عەرەب، هەرێمی عێرا ق و باشووری کوردستاندا بکەنەوە.
شەپۆلی نوێی بیری بەعێراقیبوون و عێراقچێتی لە کوردستاندا، تا ڕادەیەکی زۆر هێزی خۆی لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی (کە لە یەکێتی و پارتیدا کۆبۆتەوە) وەردەگرێت. هێشتا بە ئیسرارەوە لەسەر عێراقیبوونی کورد و بەستنەوەی تەواوی پرسی کورد بە داهاتووی عێراقەوە پێ دادەگرێت. جێگای سەرنجە، کە لە بەرامبەر ئەمەدا، ڕۆژانە لە مێدیای جیهانییەوە خەڵکی بیانی، لە ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدا و ئیسرائیل..تاد باسی ئەوە دەکەن کە پێویستە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد، بە تایبەتی کوردی عێراق، دابمەزرێندرێت. ."1"

ئێستا عێراق وەک دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتی بوونی نییە، تەنیا هێزێک کە دەتوانێت ئەم قەوارەیە و دەزگاکانی دروست بکاتەوە ئەمریکایە. بەڵام ئەمریکا بە بێ کۆمەکی یەکێتی و پارتی زەحمەتە ئەم کارە بکات. زۆر گرنگە کە ئەم دوو هێزە، پێش هەر شتێک، پێ لەسەر ناسنامەی باشووری کوردستان، وەک خاکی کورد و ئەو کەمەنەتەوەییانەی لەسەری دەژین و پێ لەسەر گۆڕینی ناو و ناوەرۆک و ناسنامەی عەرەبیی عێراق دابگرن. بە ڕای من بەبێ ساخبوونەوە لەسەر ئەم پرینسیپانە، قسەکردن لە دیموکراتی قسەیەکی ناتەواو و ڕەنگە بێ ئەساسیش بێت، چونکو مەرج نییە دیموکراتی یەکسانیی نەتەوەیی دەستەبەر بکات (بۆ نمونە ئەزموونی هەندێک وڵاتانی ئەورووپا و تورکیا).
ئەزموونی هەشتا ساڵەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پڕ لە پەند و عیبرەتە:
سوپای عێراق لە سەرەتای بیستەکاندا شەش کۆنە ئەفسەری عوسمانی دایان مەزراند، کە وەک مامۆستا محەمەد ڕەسووڵ هاوار دەڵێت، سیانیان عەرەب و سیانیان کورد بوون ( کوردەکان: تۆفیق وەهبی، محەمەد ئەمین زەکی و یاسین هاشمی بوون). کەچی هەوەڵین شەڕی سوپای عێراق لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا لە دژی کورد بوو. لە ڕاستیدا سوپای عێراق، کە ئەو کاتە

نیوەی دامەزرێنەران و بەشێکی زۆری ئەفسەرانی کورد بوون، لە شەڕی دژی کورد و کوشتاری خەڵکی کوردستاندا فێری دڕندایەتی و ئینسانخۆری کرا. لەوەیش زیاتر بەشێکی گرنگی وەزارەتەکانی سەردەمی حوکمی پاشایەتی، لەوانە وەزیری نێوخۆی عێراق، کە ئێستا کورد خەونی پێوەدەبینێت، کورد بوون. کەچی بە هەموو دامەزرێنەر و ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق و وەزیرە کوردەکان و ئەندامانی پەرلەمانی ئەو کاتەی عێراق نەیانتوانی تەنانەت گوندێکی کوردستان لە کوشتار و وێرانکردنی سوپای عێراق بپارێزن. بە هەموویان نەیانتوانی کار لە ناسنامەی عەرەبیی دەوڵەتی عێراق و سروشتە عەرەبچییەکەی بکەن؟ نەیانتوانی خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووک و ناوچەی بادینان بچەسپێنن.

3

بەعێراقیکردنی باشووری کوردستان و گەلەکەی، بە بێ گۆڕینی ناسنامەی دەوڵەتی عێراق، دەتوانێت ڕێگا لە دروستبوونی ناسنامەی نەتەوەیی کوردستانی بگرێت. چونکو ناسنامەی عێراقیبوونی کورد، وەک بەشێک لە گەلی عێراق، عێراقی تا ئێستا عەرەبی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ناسنامەی عەرەبیبوون بۆ باشووری کوردستان و گەلەکەی پێشنیار دەکات.
عێراق دەوڵەتێکە بە پێی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عەرەبیزم-عروبە) ناسنامەیەکی عەرەبی بەخۆی داوە، لە کاتێکدا بەلای زۆرەوە لە سەدا سیوپێنجی خەڵکی عێراق عەرەب نین. لە ڕاستیدا نەک هەر عێراق، بەڵکو نزیکەی نیوەی دەوڵەتانی گوایا عەرەبی، کە کۆلۆنیالیزم سنوورەکەی بۆ کێشاون، قەیران (ئەزمە)ی ناسنامەیان هەیە. ئەو وڵاتانە بە زەبری هێزی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیای عەرەبیزم ناسنامەی عەرەبییان بەسەردا بڕاوە، ئەمەیش گرفتەکەی بۆ کورد سەختتر کردووە؛ ئایدیۆلۆژیای عەرەبیزم (لەوانە بەعسیزم) لەسەر خورافەیەک هەڵچندراوە کە لە کەنداوەوە تا ئۆکیانووس بە خاکی عەرەب دەزانێت. کەچی لە ناو ئەم سنوورە جوگرافییەدا چەندان نەتەوە و کەمەنەتەوەیی تر هەن، کە سەرژمێریان دەیان ملیۆن دەبێت. زۆربەی ئەو گەلانە، تەنانەت پێش ئەوەی عەرەبەکان لە کاتی غەزوی ئیسلامی بۆ ئەو ناوچانە بێن و تیایاندا نیشتەجێ بن، لەسەر خاکی خۆیان دەژین، کە چی هیچ مافێکی نەتەوەییان نییە و، وەکو هاووڵاتی نمرە دووی ئەو وڵاتانە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.
ئەگەرچی لەو وڵاتانەدا سەرژمێرێکی باوەڕپێکراو، دەربارەی نەتەوە غەیرە عەرەبەکان، نییە. چونکو بوونی ئەو نەتەوانە بۆ دەوڵەتانی عەرەبی وەک برینی پاژنەپێی ئاخێل وایە. بەڵام بۆ نموونە بە پێی ڕاگەیاندنی بزاڤی ڕزگاریی گەلی باشووری سودان ئەم گەلە زیاتر لە سێیەکی دانیشتوانی سودان پێک دێنێت. هەروا ڕۆژئاوای سودان (هەرێمی دارفور) و ڕۆژهەڵاتی سودان (ناوچەی

جۆبە) نەتەوەی دیکەی غەیرە عەرەبی لێ دەژیت. شایانی باسە کە گەلی باشووریی سودان نە عەرەبن و نە مسوڵمان کەچی سودان خۆی نەک هەر بە وڵاتێکی عەرەبی دەزانێت و زمان و کولتووری عەرەبی بەسەر غەیرەعەرەبدا دەسەپێنێت، بەڵکو خۆی بە وڵاتێکی ئیسلامیش دادەنێت و شەریعەتی ئیسلام بەسەر ملیۆنان خەڵکی نامسوڵمانی سوداندا جێ بەجێ دەکات. ئێستا بزاڤی گەلی باشووری سودان، دەیەوێت ئەم خورافەیە بگۆڕێت و ناوەرۆکێکی ناعەرەبی بە سودان بدات و قانوونی ئیسلامی لە هەرێمی باشووردا ڕەوایی نەبێت.
جگە لە سودان لە هەر کام لە وڵاتانی دیکەی وەک میسر، ئەلجەزایر، مەغریب، تونس، لوبنان، سوریا و مۆریتانیا خەڵکی سەر بە نەتەوە و (لە هەندیکیاندا ئاینی دیکە) هەن کە سەرژمێریان لە نێوان لە سەدا پانزدەوە تا لەسەدا پەنجای هاووڵاتیان دەبێت، کەچی لە هیچ کام لەم وڵاتانەدا، جگە لە زمانی عەرەبی زمانی نەتەوەیەکی دیکەی ئەو وڵاتانە بە زمانی ڕەسمی نەناسراوە.
جێگای سەرنجە کە ڕووناکبیرانی عەرەب، بەوانەیشەوە کە خۆیان بە لیبرال و خاوەنی دیکۆرسێکی مۆدێرن دەزانن، لەم ستەمە بەدەنگ نایەن و بە بەهانەی جۆراوجۆر داکۆکی لێدەکەن. لەوەیش زیاتر تەنانەت دژی ئەوەن کە زمانێکی دی (لە وڵاتانی عەرەبی)دا، ستاتوسی زمانی عەرەبی هەبێت، واتا وەک زمانی ڕەسمی و زمانی خوێندن بناسرێت. لە کاتێکدا ئەوان دەزانن کە لە دنیادا دەیان وڵات هەن کە چەند زمانێکی رەسمییان هەیە. بۆ نمونە لە هیندستاندا لە سەرەتای رزگاربوونییەوە زیاتر لە شەش زمانی رەسمی هەیە، لە سویسرا چوار زمانی رەسمی، لەبەلچیکا، نەرویج و کەنەدا و دەیان وڵاتی دی دوو زمانی ڕەسمی هەن. دوکتۆر محەمەد عابید ئەلجابری، کە وەک ڕووناکبیرێکی عەقلانی و ڕەخنەگر ناسراوە، دەنووسێت: "گرفتی پلورالیزمی کولتووری (التعددیه التقافیه) بۆ بوونی کەمایەتیی نەتەوەیی لە وڵاتانی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە.. فراوانکردنی ئەلقەی کولتووریی نەتەوەیی عەرەبی، بە جۆرێک کە کولتووری ئەو قەوم (الاقوام)انەیشی لەپاڵدا بێت، چارەسەرێکی نەتەوەیی ڕاستەقینە نییە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە چارەسەرکردنی سروشتیی مێژوویی ئەم گرفتە دەبێت بە ناو بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و بەعەرەبکردندا رەت ببێت. زمانی زانست لە وڵاتی عەرەبیدا، لە کەنداوەوە تا ئۆکیانووس، نابێت لە زمانی عەرەبی بەولاوە هیچ زمانێکی دیکە بێت. چونکو هیچ زمان و دیالێکتێکی دی ناتوانێت ببێتە زمانی زانست و هاوشانی زمانی عەرەبی بێت.. پلورالیزم لەم بوارەدا خۆی خۆی نەفی دەکاتەوە. زمانی عەرەبی بە تەنیا خۆی دەتوانێت پلورالیزم بپارێزێت و لێیشی تێپەڕێنێت. لە چوارچێوەی پاراستنی ئەم پلورالیزمە و لە پێناو لێتێپەراندنیدا دەبێت بەرهەمی کولتووریی قەومە خۆجێییەکانی وڵاتی عەرەب (الاقوام المحلیه) بڵاو بکرێنەوە، بۆ بڵاوکردنەوەشیان دەبێت بە عەرەبکرێن، لە بەعەرەبکردنیاندا تێپەڕاندن هەیە، واتا خاسییەتی قەومییان لەناو دەبرێت"2"

دوکتۆر جابری، کە لە سێ بەرگدا پرۆژەیەکی بە ناوی (رەخنە لە بیری عەرەب) بڵاو کردۆتەوە و کۆمەڵێک ڕەخنەی جیدیی لە فیکری عەرەبی دەگرێت. کەچی شۆڤێنیزمی کولتووری، کە بە ڕای من یەکێکە لە دیلێماکانی فیکری عەرەبی، نەک هەر بە گرفتێکی فیکری و سیاسیی عەرەبی دانانێت، بەڵکو کوشتنی زمان و کولتووری ئەویدی بە ڕەوا دەزانێت و تیئۆریزەیشی دەکات. بەڵام بۆچی جابری و جابرییەکانی عەرەب ئەزموونی گەشەداری کولتووری و شارستانیی عەرەبیی ئیسلامی سەردەمی عەباسییەکان بۆ ئیمڕۆی وڵاتانی عەرەبی ناکەنە ڕێشاندەر. شارستانیی ئەو سەردەمانەی عەرەبیی ئیسلامی، کە ئیمڕۆ مولک و شانازیی مرۆڤایەتییە، بە هۆی کرانەوە و دیالۆگ لەگەڵ کولتوور و زمانانی دی و قبوولکردنی ئەویدی گەیشتە ئەو ئاستە، نەک لە ڕێگای بەعەرەبکردن و کوشتنی زمان و کولتووری نەتەوەی دی. زمانانی دیکەیش، بۆ نمونە زمانی فارسی، کە لە سایەی ئەو شارستانییەدا ئازاد بوون، توانییان هاوشانی زمانی عەرەبی بن و بشبنە زمانی زانستیی سەردەمی خۆیان. لەم ڕێگایەشەوە شارستانیی ئیسلامی و جیهانییان دەوڵەمەند کرد.

بە ڕای من سنووری نێوان کوشتنی زمان و کولتوور و نێوان جینۆساید تەنیا هەنگاوێکە. (ڕەخنەگری بیری عەرەبی) حەتمەن بای ئەوەندە شارەزای مێژوویە کە بزانێت جینۆساید، لە گەلێک حاڵەتدا، سەرەتا بە لەناوبردنی زمان و کولتوور دەستی پێکردووە؛ شۆڤێنیزمی کولتووری "قارەمان"ی نەتەوەیەک بەرەو ئەوە دەبات کە کۆمەڵە خەڵکێک، لە ڕێگای کوشتنی کولتوور و زمانەکەیانەوە، لەناو بەرن. بەڵام کاتێک لەم کارەیاندا بەرەوڕووی بەرەنگاربوون دەبنەوە و سەرناکەون، ئەوان بەلای زۆرەوە هەوڵی کوشتنی زمان و کولتوور دەگۆڕن بۆ کوشتنی بە کۆمەڵی فیزیکی خەڵکە. ئەزموونی کۆلۆنیالیزم و کوشتارەکانی، کوشتاری تورک بەرامبەر بە ئەرمەن و کورد و تا ڕادەیەک کوشتاری نازیزمی ئەڵمانی لەگەڵ جوولەکەدا، نمونەیەکی پەیوەندی نێوان کوشتنی کولتووری و زمانی و جەستەیی دەردەخەن.

ئەگەر بیرکاری گەلێک بەم جۆرە فەتوای کوشتنی بەکۆمەڵی زمانە ناعەرەبییەکانی "وڵاتی عەرەبی" بدات، ئیدی بۆ دەبێت سەیر بێت ئەگەر "قارەمانێک" ی وەک سەدام، کاتێک ناتوانێت لە ڕێگای کوشتنی زمانی کوردی و کولتووری شیعەوە (گرفتی پلورالیزمی کولتووری) لە عێراقی عەرەبدا چارەسەر بکات، هەوڵ بدات لە ڕێگای جینۆساید و گۆڕی بەکۆمەڵەوە "گرفتەکە" چارەسەر بکات!

ئەگەر بیرکارێکی عەرەبیی گوایا عەقلانی و دیموکرات و لیبرال بەم جۆرە بیر بکاتەوە، ئیتر چۆن مرۆڤ بتوانێت، لە ناو عەرەبدا، کەسێکی عەقلانی، دیموکرات و لیبرال لە کەسێکی فاناتیک و ڕاسیست و ئایدیۆلۆجیستانی گۆڕی بەکۆمەڵ جودا بکاتەوە؟

ئایا ئەمە قەیرانی فیکر و رووناکبیرییە، یان قەیرانی ئەخلاقی؟

له ڕاستیدا ئەم تێزە ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەردەخات، بەڵام لە زمانی بیرکارێکی گوایا ڕەخنەگر و عەقڵانییەوە، نەک لە زمانی ناسیۆنالیستێکی هەڵەشەوە. بەم شێوەیە ناسیۆنالیستان و ئایدیۆلۆجیستانی گۆڕی بەکۆمەڵ و زمانکوژی وەهمێکیان لای خەڵکی سادەی عەرەب دروست کردووە کە پێی وابێت هەر وڵاتێکی گوایا عەرەبی (لە کەنداوەوە بۆ ئۆکیانووس) بەشێکە لە خاک و گەلی خۆی. بۆیە نزیکەی هەر عەرەبێک، لە هەر شوێنێکی دنیا بێت، ڕێگا بەخۆی دەدات لە هەر مەسەلەیەکی نێوخۆی ئەو وڵاتانە و مافی نەتەوە غەیرە عەرەبییەکانیدا بەدەنگ بێت. بە جۆرێک دەخالەت بکات وەک ئەوەی قسە لەمەسەلەیەک بکات کە پەیوەندیی بە کار و وڵات و شار و عەشیرەتەکەی خۆیەوە هەبێت، کەچی زۆر جار بە ڤیزایش ناتوانێت سەردانی وڵاتانی عەرەبی بکات. ئەوەتا هەر عەرەبێکی عێراقی و غەیرە عێراقی (دیارە تاکوتەرای لێ دەرچێت) خۆی بە خاوەنی خاکی کورد دەزانێت. ڕێگا بە خۆی دەدات سنووری مافەکانی کورد دیاری بکات. کۆمەکی خەڵکی عەرەب و رووناکبیرانی عەرەب بۆ سەدام لێرەوە دێت. ئەو هاوارەی مێدیای عەرەب، کە بە ئیمتیازەوە مێدیایەکی ڕەگەزپەرستانە و فاشییانەیە، بۆ عێراقی دەکەن، ئەو پەلامارە توندە ڕەگەزپەرستییەی دەیکەنە سەر کورد لێرەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوان ناتوانن لەوە بگەن کە کوردیش وەک ئەوان ئینسانە، خاوەنی خاک و زمان و کولتووری خۆیەتی، وەک ئەوان مافی ئازادی و هەڵبژاردنی شێوە ژیانی خۆی هەیە. ڕەگەزپەرستی و بێویژدانیی ناسیۆنالیستانی عەرەب لەوەیشیان تێپەڕاندووە. ئەوان تەنانەت حاشا لە ئەنفال و ئەو گۆڕە بەکومەڵانە دەکەن کە ڕۆژانە بەبەرچاوی دنیاوە هەڵدەدرێنەوە. ئەمەیش شتێکی سەیر نییە. ناسیۆنالیستانی عەرەب تا ئێستا هۆلۆکۆست و کوژرانی نزیکەی پێنج ملیۆن جوولەکە، بە دەستی نازیستەکانی ئەڵمان، کە سەدان هەزار دۆکۆمێنت و فیلم و بەڵگەی زیندووی لەبارەوە هەیە، بە حیکایەتێکی دەستکردی زایۆنیزم دەزانن. کەواتا چۆن دەتوانن دان بە تاوانێکدا بێنن کە قارەمانە نەتەوەییەکەیان، "بسمارکی عەرەب" کردوویەتی.

عەرەبیزم (ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی) کە گەلانی عەرەب لە تراژێدیا و شەڕ و تێکشکانێکەوە بۆ یەکێکی دی دەبات، دەبێت وەک هەر خورافەیەکی دی، کۆتایی پێ بهێندرێت. هەرەسی ئەم ئایدیۆلۆژیا خورافییەیش، کە ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەگەزبەرستانەی عەرەبی و مەزهەبچیی سوننییە، لە عێراقەوە و لەگەڵ هەرەسی گرنگترین کۆڵەکەکانی عەرەبیزم، واتا بەعسیزم، دەستی پێ کردووە و ئێستا لە سودانیش سەرەتای هەرەس و بەزینی بە زەقی بەدیار کەوتووە. هاتنی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ عێراق و مانەوەیان زەمینەی ئۆبژێکتیڤی ئەم هەرەسهێنانەیان ڕەخساندووە. بە ڕای من شێوەی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان عێراق و کوردستان، بە هۆی گۆڕینی ناسنامەی عەرەبیی دەوڵەتی عێراق و ناساندنی کوردستان وەک خاک و وڵاتی کورد کەمایەتییەکانی کوردستان، دەتوانێت کۆمەک بەم پرۆسێسە بکات.

عێراق وڵاتێکی عەرەبی-کوردستانییە و دەبێت هەر بەم جۆرەیش، نەک وەک دەوڵەتێکی عەرەبی، خۆی پێناسە بکات. لەسەر ئەم ئەساسەیش پێویستە بوونی عێراقی داهاتوو لە ڕێکخراوە نەتەوەییە عەرەبییەکاندا، هەر لە کۆمەڵی وڵاتانی عەرەبییەوە تا ڕێکخراوە پیشەیی و نەقابییەکانی عەرەب، چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە. هەرێمی عەرەبی عێراق دەتوانێت بە ناوی خۆیەوە لە هەر ڕێکخراوێکی عەرەبیدا ئەندام بێت، بەڵام ڕەوا نییە ئەو مافەی هەبێت کە ناسنامەی عەرەبیی خۆی، لەسەر حیسابی کورد و خاکەکەی، بە دەوڵەتی داهاتووی عێراق بدات. ئەو دەتوانێت لە نێوان ناسنامەی عەرەبوونی دەوڵەتی عێراق و مانەوە لەگەڵ گەلی باشووری کوردستاندا یەکێکیان هەڵبژێرێت.
بە ڕای من گۆڕینی ناسنامە و ناوەرۆکی قەومی دەوڵەتی عێراق تەنیا لە بەرژەوەندیی کورد و شیعە و کەمە نەتەوەییەکاندا نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە بەرژەوەندیی گەلی عەرەب بە گشتی دایە. ئەوان دەبێت ئیدی، لە خورافەی ئایدیۆلۆژیای عەرەبیزم ڕزگار ببن و چاویان لەوە نەبێت کە خاک و وڵاتی خەڵکی دی بە هی خۆیان بزانن. دەبێت واقیعییانە بڕوانن و باوەڕ بەوە بێنن کە عێراق ئەو وڵاتە نییە کە سیستمی فاشییانە و ڕەگەزپەرستانەی خوێندن و ئایدیۆلۆجیستانی ڕاسیزم بۆیانی وەسف کردوون، بەڵکو وڵاتێکە لە دوو هەرێمی جیاوازی عەرەبی-کوردستانی پێک هاتووە. کورد لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی دەژی. نە میوانی عەرەبە و نە خاکی عەرەبیشی داگیر کردووە. پێکەوەژیانی هەردوو گەلیش دەبێت ئارەزوومەندانە و، بە پێی پرینسیپی باوەڕبوون بە یەکسانیبوون و مافی ئازادیی یەکتری بێت.

4

ئایا دوای ئەنفال و عاقیبەتەکانی، کە لە شێوەی گۆڕی بەکۆمەڵ و لیستی ناوی کچان و ژنانی وەک کۆیلە فرۆشراودا دەردەکەون، توانای پێکەوەژیانی هەردوو گەلی کورد و گەلی عەرەب لە وڵاتێکدا ماوە؟ ئەگەر هێشتا ئەم توانایە مابێت ئاخۆ دەبێت پێکەوەژیانەکە چۆن و بە چ شێوەیەک و لەسەر چ پرینسیپێک بێت؟
ئەم پرسیارە، کە پەیوەندیی بە چارەنووس و داهاتووی هەموومانەوە هەیە، تەنیا پرسیارێکی سیاسی نییە کە بەڵکو پرسیارێکی ئەخلاقیشە و شایەنی ئەوەیە مرۆڤ لە خۆی بکات. چوار ساڵێک لەمەوبەر، لە سەرەتای شەڕی نێوان سێربیا و کۆسۆڤۆدا، سێربەکان لە پەلامارێکی سەربازیدا کوشتارێکی زۆریان لە کۆسۆڤەکان کرد. دوای ئەو ڕووداوە سەرکردەیەکی کۆسۆڤەکان گوتی: ئێمە نامانەوێت و ناشتوانین لەمەودوا لەگەڵ سێربەکاندا بژین، چونکو ئەوان زیاتر لە سەد کەسیان لێمان کوشتووە"3".
ئەزموونی مێژوویی دەیسەلمێنێت کە ئەو نەتەوانەی تووشی ستەم و ڕەشەکوژی و کوشتاری بەکۆمەڵ دێن تەنیا ئازادبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بە گەرەنتیی مانەوە و داهاتوویان دەزانن. ڕای گشتیی جیهانیش، کە ئەم کارانە بە

تاوان دژی مرۆڤایەتی دادەنێت، تێگەیشتنی زۆری بۆ ئەم جۆرە داخوازییە هەیە. ئەگەر کوشتار و جینۆسایدی ئەرمەنەکان و جوولەکەکان و ڕەشەکوژی بۆسنییەکان و کۆسۆڤەکان نەبوونایە، بەلای زۆرەوە ئیمڕۆ دەوڵەتانێک بە ناوی ئیسرائیل، ئەرمینیا و بۆسنیاوە نەدەبوو.
ئەگەر مرۆڤ بتوانێت هەموو کوشتارەکانی دەوڵەتی عێراق، لە سەرەتای دروستبوونییەوە، بەرامبەر بە کورد لەبیر بکات (کە مەحاڵە لەبیر بکرێن) تەنیا ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و عاقیبەتەکانی بەسن بۆ ئەوەی کورد بەئاگا بێتەوە و تێ بگات کە بەعێراقیبوون دەشێت چ عاقیبەتێکی هەبێت. هەشتا ساڵە بەعێراقیبوونی کورد نەیتوانیوە، لە عێراقدا، تەنانەت ماف و نرخی مەڕ و مریشکێک بۆ مرۆڤی کورد دەستەبەر بکات.

ئەنفال بە هەموویەوە نزیکەی شەش مانگێکی خایاند، واتا 180 ڕۆژێک، کەچی لەو ماوەیەدا نزیکەی 182 هەزار کەس بێسەروشوێن کران. واتا لە هەر ڕۆژێکدا هەزار کەسێک لەناو براون. ئێمە بۆ ئەوەی باشتر لە ناوەرۆک و گەورەیی تاوانەکە بگەین نابێت تەنیا لە ژمارەی کوژراوەکان ڕابمێنین (کە دیارە ترسناکە) بەڵکو دەبێت لە مانای ئەو کاتە (زەمانە)یش ڕابمێنین کە کوشتارەکەی تێدا ئەنجام دراوە. ئێمە دەبێت زەمان پارچە پارچە بکەین و لە بچوکترین بەشەکانی، کە چرکە و دەقیقەن، ڕابمێنین. من دەتوانم ئیدیعا بکەم کە ئەوەندەی لە پرۆسێسی ئەنفالدا پەیوەندیی نێوان کار و زەمان گرنگ بووە، ڕەنگە لە هیچ کارێکی دیکەی دەوڵەتی عێراقدا هێندە گرنگ نەبووبێت. چونکو ئەنفال تەنیا کۆنترۆلکردنی شوێن و زەوتکردنی مەخلوقاتەکانی شوێن و ژیانی شوێن نەبووە بەڵکو زەوتکردنی هەر دەقیقەیەکی زەمانیش بووە. زەوتکردنی شوێن بە دڕندانەترن شێوە تەنیا بە زەوتکردنی وردترین ساتەکانی زەمان، بە خێراترین شێوە مانای خۆی دەبێت. شەووڕۆژێک تەنیا 1440 دەقیقەیە کەچی هەزار ئینسانی ئەنفالکراویان تێدا دەکوژرێت، واتا نزیکەی هەر دەقیقەنیوێک ئینسانێک دەکوژرێت. ترسناکی ئەم کارە لەوە دایە کە بە درێژایی شەش مانگ بەردەوام دەبێت؛ هەموو دەقیقەونیوێک کوردێک، بە تاوانی کوردبوون، لە لایەن دەوڵەتی عەرەبیی عێراقەوە کوژراوە. ئەم تاوانەیش بە نهێنی ئەنجام نەدراوە. ئەوانەی ڕۆژانی ئەنفالیان لەبیر بێت هێشتا زایەڵەی ئەو بانگەواز و بەلاغە خوێناوییانەیان لە مێشکدا دەزرینگێتەوە کە ڕۆژانە دەوڵەت، لە مێدیاوە، سەرکەوتنەکانی خۆی بەسەر جەستەی منداڵان و ژنان و پیرانی کوردستاندا، بۆ خەڵکی عێراق و ڕای گشتیی عەرەبی رادەگەیاند.

بە ڕای من لە دوای ئەنفالەوە کولتووری سیاسیی زاڵ، لە عێراق و دنیای عەرەبیدا، لە باشترین حاڵدا بە گومانێکی قووڵەوە بۆ کورد دەڕوانێت، لە خراپترین حاڵیشدا، کورد بە دوژمن و مایەی هەڕەشە دەزانێت. ئەوان خۆیان دەزانن چییان بە کورد کردووە. دوای هاریکاریی کورد لەگەڵ ئەمریکا و

هاوپەیمانانیدا ئەم هەڵوێستە لای زۆرینەی خەڵکی عەرەب زیاتر دەچەسپێت.
ئەوان کورد تەنیا وەک ژێردەست، لاواز و کۆنترۆلکراو قبووڵ دەکەن، نەک وەک شەریکەدەسەڵات و ڕابەری سیاسی و بەرپرسی گرنگی دەوڵەتی "عەرەبی عێراق".
لە ڕاستیدا کورد لە سەرەتای شەستەکانەوە تا ئێستا، کێڵگەیەکە ناسیۆنالیزمی عەرەبی توانای کوشتن و ڕەگەزپەرستیی خۆی تێدا پروڤە دەکات. بابەتێکە کە ناسیۆنالیزمی عەرەب، دوای هەر تێشکانێکی عەسکەری و سیاسی، دەیکاتە ئامانجی پەلاماری سەربازی و ئیعلامیی خۆی بۆ ئەوەی سەرکەوتنی خورافیی خۆی تیادا تۆمار بکات.
ئێمە چیمان ماوە تا پێشکەشی کوشتارگای عێراقی بکەین؟ ئایا خێزانێکی کورد ماوە لە کەسێکەوە تا دەیان کەسی لە لایەن دەوڵەتی عەرەبیی عێراقەوە نەکوژرابێت؟ ئایا ئەو کولتوور و ئەخلاق و کۆمەڵەی ڕێگای کوشتاری بەکۆمەڵی کورد بدات و منداڵان و کچانی کورد وەک کۆیلە بفرۆشێت دەتوانێت زەمینەی پێکەوەژیان و هەستی هاوچارەنووسی لە گەڵ کورددا پێک بێنێت؟

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا من لە سوریا ئەندامی سەرکردیەتیی بەرەی کوردستانی بووم لە دەرەوەی وڵات. جارێک هەواڵێکمان پێ گەیشت کە کۆمەڵێک کچ و منداڵی کورد (لە کۆیلەکانی ئەنفال) لە هەندێک وڵاتی عەرەبی (ئوردون و هەندێک وڵاتانی خەلیج) فرۆشراون. ئەو کاتە، لەبەر نەبوونی بەڵگە، بێدەنگی لەم مەسەلەیە کرا. لە سەرەتای مانگی جولی (تەمووز)ی 2003 دا ، لە دۆکۆمێنتێکی نهێنی دەوڵەتی بەعسدا، کە لە چەند ڕۆژنامەیەکدا وەک خۆی بە عەرەبی بلاوکرایەوە، ناوی کۆمەڵە کچێک هاتووە کە دەوڵەتی عێراق وەک کۆیلە، لەسەر داخوازیی میسر، بۆ مەلهاکانی ئەوێی ناردوون"4". من دڵنیام تەنیا دەوڵەتی میسر لەم تاوانەدا بەشدار نەبووە. ئەمە تەنیا بەشێکی زۆر کەمە لەو لەشکری کۆیلەیەی لە کاتی ئەنفالدا لە کوردستانەوە براون و لە هەرێمی عەرەبیی عێراق و وڵاتانی عەرەبیدا فرۆشراون. ئایا تەنیا سەدام و بەعس و کۆمەڵی عەرەبی عێراق لەم تاوانە بەرپرسیارن؟ ئاشکرایە ئەمە تاوانێکی دوو سەرەیە کە هەم فرۆشیار و هەم کڕیار پێکەوە ئەنجامیان داوە. هەموو دەزانین کە بەعس دڕندەیە و دەتوانێت خەڵکێکی مسوڵمانی ناعەرەب بە کۆیلە بگرێت و بە پێی ئایدیۆلۆژیا و ئەو قیەمەی باوەڕی پێیەتی بیانفرۆشێت. بەڵام مرۆڤ چی بەو دەوڵەتە عەرەبییە مسوڵمانانە بڵێت کە کۆیلەکڕ بوون. ئایا ئەگەر کولتووری زاڵی وڵاتانی عەرەبی، کولتووری گۆڕی بەکۆمەڵ و ئایدیۆلۆژیای ڕەشەکوژیی غەیرەعەرەب ڕێگای ئەم تاوانەی نەدابایە دەتواندرا کچ و منداڵانی کورد، لە بازاڕ و مەلهاکانی عەرەبیدا، کۆیلەئاسا هەڕاج بکرێن؟ دەکرێت پرسیارەکە بە جۆرێکی دیکە بکەین: ئایا ئەگەر کۆمەڵ و کولتوورێک ڕێگای کۆیلەگرتن و کۆیلەکڕین نەدەن چۆن دەتواندرێت کۆیلەگر و کۆیلەدار و کۆیلەفرۆش پەیدا ببن؟

لەسەرەتای ساڵی دوو هەزاردا کەناڵی تەلەڤزیۆنی سویدی فیلمێکی دۆکۆمێنتی دەبارەی سودان پێشان دا. دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامیی سودان بە سەدان منداڵی مەسیحیی خەڵکی باشووری سودان، کە هەموویان کوڕ بوون، لە کەسوکاریان فڕاندبوو لە مزگەوت و خوێندنگای ئاینیدا، وەک مێگەل کۆکرابوونەوە تا بکرێن بە عەرەب و مسوڵمان. تا ئێستا چەندان جار لەسەر ئاستی مێدیای جیهانی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەندێک لە کڵێساکانی ئەوروپا، دەوڵەتی عەرەبی-ئیسلامیی سودان بەوە تاوانبارکراوە کە منداڵانی غەیرەمسوڵمان و غەیرەعەرەبی باشووری سودان بە کۆیلە دەگرێت، بەشێکیان دەکاتە عەرەب و مسوڵمان، بەشێکیشیان دەکاتە کۆیلە و دەیانفرۆشێت"5".

کەواتا ئێمە لە بەردەم حاڵەتێکی ڕیزپەڕ (ئیستسنا)دا نین، کە بەعس و سەدام سەبەبکار بن و بە نەمانی دەوڵەتەکەیان هەموو شتەکان جوان و بە ئینسانی و سروشتی بکرێنەوە. مەسەلەکە تەنیا ئەوە نییە دەوڵەتی بەعسی عەرەبی غەنیمەتی شەڕە سەرکەوتووەکانی! (منداڵانان و کچ و ژنانی بەدیلگیراوی کورد) وەک دیاری بەسەر مەلهاکانی وڵاتێکی عەرەبیی ئیسلامیدا (خوا دەزانێت بەسەر کوێی تردا) دەبەشێتەوە. مەسەلەکە لەوەیش گەورەترە کە دەوڵەتێکی عەرەبی-ئیسلامی وەک میسر، بەشی خۆی لەم غەنیمەتە (کە ڕەنگە ئەو 18 منداڵ و کچە تەنیا وەجبەی یەکەم، یان دەیەم بووبن!) داوا دەکات بەڵکو مەسەلەکە ناوەرۆکی دەوڵەتان و کۆمەڵانێک پێشان دەدات کە لە گەندەڵیی ئەخلاقی و سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیدا دەژین. ناوەرۆکی کولتوورێکی زاڵ، کولتووری کۆیلەگرتن و کۆیلەفرۆشتن، کولتووری گۆڕی بەکۆمەڵ دەردەخات، کە لەسەر بێویژدانی و کوشتنی عەدالەت و جوانی و بەهاکانی مرۆڤایەتیی ڕاگیراوە. لە هەمان کاتدا ناوەرۆکی ڕەگەزپەرستانە و مەزهەبییانە و فاشییانەی ئایدیۆلۆژیایەک، ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی (عەرەبیزم) دەردەخات، کە بەعسیزم بە هەموو تایبەتمەندی و دڕندایەتییەکەیەوە، تەنیا ڕواڵەتێکی (عێراقییانەی) ئەم ئایدیۆلۆژیایە و بەرهەمێکی ئەم کولتوورە زاڵە بووە. عەرەبیزم بە جۆرێک بە قووڵایی کۆمەڵ و کولتووری زاڵی عەرەبیدا شۆڕبۆتەوە کە دەتوانێت بە دەیان ناوی جیاوازەوە خۆی پێشان بدات: لە سودان ناوەرۆکێکی ئیسلامی-قەومی وەردەگرێت، لە ئەلجەزایر ناوەرۆکێکی-عەلمانی قەومی..تاد. ئەم ئایدیۆلۆژیا بە پەیوەندی لەگەڵ دوو فاکتەردا زۆرترین توانای شەڕخوازانە و ماهییەتی خۆی پێشان دەدات، یەکەم: دەرەتانە ئابووری و توانا عەسکەرییەکەی،دووەم: ئاستی بەرهەڵستی و توانای داکۆکی بەرامبەرەکەی. واتا چەند توانا ئابووری و عەسکەرییەکەی بەهێز بێت و چەند ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەی توندتر ببێتەوە زیاتر دەتوانێت تواناکانی وێرانکردن و کوشتن پێشان بدات. بەڵام ئەم ئایدیۆلۆژیایە، لە هەر شوێنێک دەرفەتی بۆ بڕەخسێت، بە ڕادەی جۆراوجۆر سادییەت و تواناکانی ئینسانکوژی و جوانیکوژیی خۆی تاقی دەکاتەوە. ئەگەر مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بە سەدام و

بەعسیزمەوە بووایە دەبوو ئیمڕۆ دنیای عەرەب بەهەشتی دیموکراتی و عەدالەت بووایە و دەوڵەتان و ڕای گشتی عەرەب لەبەرمبەر ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی ڕۆژانە لە عێراق دەدۆزرێنەوە بەدەنگ بهاتنایە، دەبوو حاشایان لە کولتووری گۆڕی بەکۆمەڵ بکردایە، نەک بە بوختانی ئەمریکایان بزانیبایە، یان بێدەنگییان لێ بکردایە. بێدەنگبوون لێرەدا تەنیا مانای ڕەزامەندی دەگەیەنێت.

5

کێشەی گەلی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراقدا لە ناوەڕۆکدا پەیوەندیی بە ناسنامەی نەتەوەییەوە هەیە. ناسنامەی نەتەوەییش پێش هەر شتێک مەسەلەی نرخ بۆخۆدانان و ڕێزلەخۆگرتن و مافی مانەوەیە. تەنیا ئایدۆلۆژیای کۆیلایەتی دەتوانێت پێشنیار بە نەتەوەیەک بکات کە دەستبەرداری ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بێت، یان ناسنامەکەی بە ناسنامەیەکی بیانی بگۆڕێتەوە. ماکس وێبەر دەڵێت: سیاسەتمەدار پێویستە ئەخلاقیەتی بەرپرسیاربوونی هەبێت، رووناکبیریش ئەخلاقیەتی قەناعەت پێکردن. بەم مانایە ئێمە تەنیا باسی مەسەلەیەکی سیاسی و فیکری ناکەین، بەڵکو پێش ئەمە قسە لە قەیرانی ئەخلاقیەتی بەرپرسیاری و ئەخلاقیەتی قەناعەت پێکردن دەکەین

پەراوێزەکان:

---

.........................................

1-وەک تازەترین نموونە: ڕۆژی 10ی جولای-تەمووزی 2003، لە کاتێکدا خەریکی ئەم نووسینەم، ڕالف پیتەرس، لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک پۆست) دا وتارێکی بە ناوی (هەر ئێستا عێراق دابەش بکەن) بڵاوکردۆتەوە. لەم وتارەیدا دەنووسێت: "کوردەکان شایەنی دەوڵەتی خۆیانن. لە دوای جوولەکەکان و ئەرمەنەکان ستەملێکراوتین گروپی ئێتنیکی ئەم سەدەیەن". جێگای سەرجە کە نووسەری وتارەکە داوا دەکات کە کەرکووک و موسل، بە چاڵە نەوتەکانیشەوە بەشێک بن لەو دەوڵەتە. بڕوانە:

Break Up Iraq Now! By Ralph Peters, NewYorkPost، July 10, 2003

2- بڕوانە: الدکتور محمد عابد الجابری، اشکالیات الفکر العربی المعاسر، مرکز الدراسات العربیه، ط 3 بیروت، لا. 41-43، 1994

3- دیارە کەسێکی کۆسۆڤی، چەند سێربچی بێت، ناتوانێت بەدەنگ بێت و بڵێت: ئەوە تاوانی مێلۆسۆڤیچە و گەلی سێربیا لەم کوشتارە بەرپرسیا نییە. لە دوای تاوانی نازیستەکانی ئەڵمانیاوە، ئیدی ئەوە ساغ بۆتەوە کە گەلێک،

نەتەوەیەک، تا چەند لە تاوانی دەوڵەتە نەتەوەییەکەی بەرپرسیارە. بۆیە قسەیەکی لەم جۆرە بە خۆهەڵخەڵەتاندن دادەندرێت، یان دووبارەکردنەوە گوتاری ئایدیۆلۆژیی نەتەوەی سەردەستە کە بە پاکانەکردنی بەتاڵ و بێ ئەساس دەیەوێت خۆی لە بەرپرسیاربوون بدزێتەوە.

4- تکایە سەرنجی مانای سیمبوولی و دەلالەتی سایکۆلۆژیی ئەم مەسەلەیە بدەن. سەدام شانازییەکی گەورەی بە ئەخلاق و کولتووری بەدەویی عەرەبی و عەشایەرییەوە دەکرد. بەپێی ئەم کولتوور و ئەخلاقە، کە دواتر لە کولتووری ئیسلامدا رەنگی دایەوە، کچ و ژن بە مایەی شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ و عەشیرەت دادەندرێن. فرۆشتنی ژنان و کچانی کورد، وەک کۆیلە، بە مەلهاکانی وڵاتێکی عەرەبی، دەکرێت لەچوارچێوەی ئەو کولتوور و پێوانە مۆراڵییانەی سەرەوە و سایکۆلۆژیای تۆڵەستاندنەوەدا تەماشا بکرێت.

5-دوای مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی نێوان دەوڵەتی سودان و بزاڤی ئازادیخوازی گەلی باشووری سودان بە هەزاران کۆیلەی (ژن و پیاو) دەرکەوتوون کە کاتی خۆی لەشکری عەرەبی ئیسلامی سودان لە شەڕی باشووریدا گرتوونی و دواتر وەک کۆیلە بە مسوڵمانانی عەرەبی فرۆشتوون. زۆربەی ئەوانە کاتی خۆی منداڵ بوون و ئێستا گەورەبوون. بەڵام لەبەر ئەوەی جگە لە ژیان کاری کۆیلایەتی هیچ شتێکی دیکەیان نەبینیوە ئێستا بوونەتە گرفتێکی گەورە بۆ گەلی باشووری سودان. هەندێک ڕێکخراوی مرۆیی جیهانی کۆمەڵێک پرۆژەی پێگەیاندن و فێرکردنیان لە باشووری سودان، بۆ سەرلەنوێ پەروەردەکرنەوە و ئامادەکردنی ئەو کۆیلانە کردۆتەوە تا بتوانن دەست بە ژیانێکی ئاسایی بکەنەوە.